# له ١٦ / ٣ ی هه‌ڵه‌بجه‌دا :

# نا...بۆ ڤیستڤاڵی شیعر و وتار



عادل شاسواری

من منالێکی هه‌ڵه‌بجه‌م .. کێ دێت گوێ له ڕازم بگرێ :
- چی شیعر و چامه‌ی دنیایه نابێته نان بۆ هه‌ژارێك
نابێته بینا بۆ چاوی که‌لاوه‌یه‌کی نه‌دارێك
هۆ گه‌لی برای ... گه‌ر به شیعر و دیوان بووا
ئه‌وه‌ی شیعر ووتویه‌تی بۆ هه‌ژارانی ئه‌م دنیا
بیکه‌ی به خانه و لانه به‌شی هه‌موو هه‌ژارانی دنیا ئه‌کا ..!
که چی له پاش ئه‌م قه‌سیده درێژانه
هه‌ڵه بجه‌که‌م ، هێشتا که‌لاوه‌ی بیابانه
هێشتا ئه‌وه‌ی نه‌یناسیوه .. ده‌ستی بیناو نوێ کردنه‌وه‌ی
خانووی ساده‌ی نه‌دارانه ..!